# فیلم وەک فەلسەفە

**نەبەز صمد احمد**

بەشـــی شـــێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سـلێمانی، سـلێمانی، هەرێمی کوردسـتان، عێراق.

**پوختە:**

هەرچەندە پەیوەندی نێوان فیلم و فەلسەفە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ کتێبەکەی هوگۆ موستەبێرگ " The Photoplay: A Psychological Study" دەستپێ دەکات، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ئەم پەیوەندییە زیاتر گەشە دەکات. بۆیە هەم لەلایەن فەیلەسوفان و هەم لەلایەن توێژەرانی فیلمەوە زیاتر گرنگی بەم پەیوەندییە دەدرێت و بەهەند وەردەگیرێت. لە ئەنجامدا، دانوستاندنێکی فەلسەفی قوڵ و فراوان سەرهەڵدەدات لەبارەی داخۆ فیلم–فەلسەفە (film-philosophy) چییە؟ یان چ پەیوەندییەک لە نێوان فیلم و فەلسەفەدا هەیە؟ ئایا فیلم بەشێوەیەکی ڕەسەنانە دەتوانێت بفەلسەفێنرێت، یان فیلم لە خۆیدا دەتوانێ ببێت بە کار یان دەق (تێکست)ێکی فەلسەفی؟ هەرچەندە زۆرینەی بەشداربوانی ئەم گفتوگۆیە لەوەدا کۆکن کە فیلم دەتوانێت لایەنی کەم کێشەی فەلسەفی پیشانی لێڕوانەران بدات، بەڵام لەبارەی داخۆ فیلم دەتوانێت بفەلسەفێنرێت ناکۆکن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی پەیوەندی مێژویی نێوان فیلم و فەلسەفە لە لایەکەوە و تێزەکانی فیلم– فەلسەفە لە لایەکی دیکەوە پرسیار و تێز و ناکۆکییەکانی نێو ئەم گفتوگۆیە شرۆڤە بکات.

ئەم توێژینەوەیە بۆ دو بەش و هەر بەشێکیش بۆ دو باس دابەشکراوە. لە بەشی یەکەمدا، پەیوەندی مێژویی نێوان فیلم و فەلسەفە ڕون دەکرێتەوە لەڕێگەی گومانکردن لە فیلم وەک هونەر (باسی یەکەم)، فۆتۆگرافی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوە (باسی دوەم). پاشان لە بەشی دوەمدا، تێزەکانی فیلم– فەلسەفە لە ڕێگەی فەلسەفە لەناو فیلم (باسی یەکەم) و فیلم وەک فەلسەفە (باسی دوەم) شیدەکرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە مێتۆدی شیکاری ڕەخنەیی (critical analysis) بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی ئەم پەیوەندییە و هەڵسەنگاندنی تێزەکانی فیلم فەلسەفە بەکاردەهێنێت.

**کلیلە وشەکان:** فیلم، فەلسەفە، فیلم وەک فەلسەفە، فەلسەفە لەناو فیلم.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

**Received:** 20- September -2021

**Accepted:** 16-November-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author E-mail:** nabaz.ahmed@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University Raparin.

## پێشەکی:

## ئامانج و گرنگی توێژینەوە

"فیلم وەک فەلسەفە" یەکێکە لە بیرۆکە و تێز (Thesis)ە گرنگەکانی فیلم–فەلسەفە یاخود فەلسەفەی فیلم. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی تێزی "فیلم وەک فەلسەفە"یە کە پێیوایە فیلم دەتوانرێ بفەلسەفێنرێت و دەشێ وەک بەرهەمێکی فەلسەفی سەیری فیلم بکرێت.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەڵسەنگاندن بۆ بیرۆکە و تێزێکی گرنگی فیلم–فەلسەفە دەکات و هاوکات پەیوەندی مێژویی نێوان فیلم و فەلسەفە و کاریگەرییان لەسەر یەکدی شی دەکاتەوە.

لەبەرئەوەی بە زمانی کوردی توێژینەوەی کەم لەبارەی پەیوەندی فیلم و فەلسەفە کراوە، ئەوا ئەم توێژینەوەیە دەکرێ ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ توێژینەوەی دیکەی زیاتر لەبارەی تێزەکانی فیلم–فەلسەفە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە، دەشێ ئەو کەلێن و بۆشاییە پڕبکاتەوە و ببێت بە سەرچاوەیەکی ئەکادیمیش بۆ خوێندکارانی بەشەکانی فەلسەفە و فیلمسازی.

## پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە:

ئایا فیلم دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕەسەنانە بفەلسەفێنرێت یان فیلم لەخۆیدا دەتوانێ ببێت بە بەرهەم (تێکست)ێکی فەلسەفی؟

## میتۆدۆلۆژی:

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی (critical analysis) بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی پەیوەندی نێوان فیلم و فەلسەفە و تێزەکانی فیلم–فەلسەفە بەکاردەهێنێت. بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پەیوەندییە و تێزی "فیلم وەک فەلسەفە" بکات.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە دو جۆر سەرچاوە دەبەسترێت: سەرەکی و لاوەکی. سەرچاوە سەرەکییەکان ئەو سەرچاوانە لەخۆدەگرن کە فەیلەسوفان لەبارەی فیلم و سینەماوە نوسیویانن؛ سەرچاوە لاوەکییەکانیش ئەو سەرچاوانە لەخۆدەگرن کە لەبارەی گفتوگۆی پەیوەندی فیلم و فەلسەفە و تێزەکانی فیلم–فەلسەفەوە نوسراون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

## بەشی یەکەم: پەیوەندیی مێژویی فیلم و فەلسەفە

### باسی یەکەم: گومانکردن لە فیلم وەک هونەر

زۆرینەی فەیلەسوفان بەشیاوی نازانن فەلسەفە کار لەسەر فیلم بکات، چونکە وەک هونەر گومانی لێدەکەن. بەگشتی فەیلەسوفان بەرانبەر بەهونەر و فیلم فیزدار و بەگومانن، ئەمەش ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ گریکی کۆن درێژ دەبێتەوە. هەر لە سەرەتای فەلسەفەی خۆرئاواییەوە، بەتایبەتی لە لای پلاتۆن (ئەفلاتون) گومان لە توانستی هونەر دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی زانین و گەیشتن بە هەقیقەت. بۆ پلاتۆن، ئێمە ناتوانین بەڕێی هونەرەوە بەزانین بگەین، هونەر ناتوانێت ڕاستی بە ئێمە بگەیەنێت، ئاخر تەنیا لاسایی یان سێبەری هەقیقەت بەئێمە دەگەیەنێت. هونەر لەخشتەبەرە و دەتوانێ هەست و سۆزی لێروانەر بوروژێنێ (برامبوش، ٢٠١٨، ل ٦٠).

بەڕێی ئەم گومانەوە پلاتۆن بارێک لەسەر هونەر دادەنێت کاریگەرییەکەی تا هەنوکەش بردەکات. بۆیە هەر کەسێک فەلسەفییانە بە هونەرەوە خەریک بێت، سەرەتا دەبێ ئەم بارە پلاتۆنییە لەسەر هونەر لابدات و تێڕوانییە پلاتۆنییەکە لەکاربخات. باومگارتن لە سەدەی هەژدەیەم بەڕێی دارشتنی تیۆرییەکی زانینی ئاستنزمتر (لە زانینی هۆشەکی فەلسەفە)ەوە بۆ هونەر، ئیستێتیک وەک دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفە دادەمەزرێنێت و هەوڵدەدات ئەم تێڕوانینە پلاتۆنییە لەکاربخات (گێتمان زیفەرت، ٢٠٠٩، ل ٥٣).

ئەم گومانە پلاتۆنییە لە هونەر بۆ فیلمیش ڕاستە. لە سەرەتادا فەیلەسوفان گومان لە فیلم دەکەن وەک فۆرمێکی هونەری، بۆیە پرسیاری داخۆ فیلم هونەرە؟ سەرهەڵدەدات. هەروەها گومان لەوە دەکرێت فیلم فەلسەفییانە شیاوی کار لەسەرکردن بێت. گومان دەکرێت فیلم بتوانێ زانین یان ڕاستی بە ئێمە بگەیەنێت.بۆیە پەیوەست بە فیلم ئەو پرسیارانە دێنەگۆڕێ: داخۆ فیلم دەتوانێ زانین بەرهەم بهێنێت؟ ئایا ئێمە لە ڕێگەی فیلمەوە دەتوانین بە ڕاستی (هەقیقەت) بگەین؟ یان فیلم و سینەما وەک ئەشکەوتەکەی پلاتۆن تەنیا سێبەری شتەکان پێشان دەدەن. داخۆ ئەوەی ئێمە لەنێو فیلمدا لەسەر سکرین دەیبینین ڕیالێتی (واقع)یە؟ ئایا لە فیلمدا تەنیا سێبەرەکان پێشانی ئێمە نادرێن؟ ئایا ئێمە دەتوانین لەڕێگەی فیلمەوە ڕیالێتی دەرەوەی ئەشکەوت (هۆڵی سینەما) بزانین؟ ئایا ناشێت فیلم بۆ مەبەستی پروپاگەندە و ئیدیۆلۆژی بەکاربهێنرێت؟ ئایا فیلم وەک سێبەری سەر دیواری ئەشکەوتەکەی پلاتۆن لەخشتەبەر نییە؟ ئایا ئێمە لەڕێگەی فیلمەوە دەتوانین ئازاد بین و لە تاریکایی ئەشکەوت بێینە دەرەوە و هەقیقەتی شتەکان ببینین؟ (Eckert, 2012 , p. 43)

بە هەمان شێوەی باومگارتن، هوگۆ موستەبێرگ (Hugo Munsterberg) لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەوڵ دەدات ئەو تێڕوانینە گومانگەرییە پلاتۆنییە لەناو فیلم و سینەمادا لەکاربخات. ساڵی ١٩١٦ هوگۆ موستەبێرگ پرۆفیسۆری سایکۆلۆژی و فەلسەفە لە زانینگەی هارڤارد کتێبی (The Photoplay: A Psychological Study) بڵاودەکاتەوە؛ زۆر کەس ئەم کتێبە وەک یەکەم بەرهەم لەبارەی تیۆریی فیلم دادەنێن، هەروەها یەکەم کتێب کە فیلم وەک فۆرمێکی هونەریی سەربەخۆ بەهەندوەردەگرێت. موستەبێرگ جگە لە نوسینی ئەم کتێبە چەندین وتار و هاڤپەیڤینی لە ڕۆژنامەکاندا لەبارەی فیلم بڵاوکردۆتەوە (Sinnerbrink, 2009, p. 20).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

مەبەستی سەرەکی موستەبێرگ ڕەوایەتیدان بو بە فیلم وەک فۆڕمێکی هونەریی سەربەخۆ کە لە شانۆ و فۆتۆگرافی جیاوازە. ئەو پێیوابو فیلم فۆڕمێکی تازەی هونەرە دەتوانێت فۆتۆگرافی، دراما، ئەدەب و موزیک ئاوێتەی یەکدی بکات. موستەبێرگ بەرگری لە فیلم دەکات وەک فۆڕمێکی نوێی هونەر و بە باڵاتر لە ئەدەب و شانۆ دەیبینێت. موستەبێرگ لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کانت، نوێ-کانتیزم، بەتایبەتی ئێستێتیکی نوێ-کانتیزم بناغەی تیۆرییەکەی خۆی لەبارەی فیلم دادەڕێژێت. لەڕوانگەی ئەو ئۆبژێکتی ئێستێتیکی و ئەزمونی ئیستاتیکا دەبێت لە ژیانی پراکتیکی (ڕۆژانە) و زانینی زانستی داببڕێن، دوربن لە سود و قازانج، فیلم دەبێ سەربەخۆ بێت و گەردونی بێت. موستەبێرگ تەنیا جەخت لەسەر بەهای ئیستاتیکای فیلم دەکاتەوە، بەهای ئیستاتیکا ڕەهایە، دابڕاوە لە زانست و ژیانی پراکتیکی ڕۆژانە. موستەبێرگ جەخت لەسەر هەندێ بەهای نەمر یان گەردونی دەکاتەوە کە تایبەت نین بەیەک شوێن یان کولتورێکی دیاریکراو، بۆنمونە بەهای جوانی دەبێت گەردونی بێت، چاکە دەبێت گەردونی بێت، دەبێت هەموان و لە هەمو شوێنێک لەسەری کۆکبن. ئەزمونی ئیستاتیکای فیلم لە هارمۆنی و جوانییەوە دەبرێتەوە (Fredericksen, 2009, pp. 422,424).

موستەبێرگ ئارگومێنتی ئەوە دەکات کە فیلم وەک فۆرمێکی هونەری گرنگ، هەم لەڕوی سایکۆلۆژییەوە، هەم ئیستاتیکاییەوە لە فۆرمەکانی دیکەی هونەر جیاوازە. کارایی توێژینەوەکەی موستەبێرگ لە کتێبی (Photoplay)، وەک توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژیی فیلم ئەوە دەردەخات کە ئەم نێوەندە نوێیەی هونەر (فیلم) چۆن دەتوانێت شوێنێکی شایستە بۆ خۆی لەنێو هونەرە باوەکان بدۆزێتەوە (Sinnerbrink, 2009, p.21).

لە ڕوانگەی موستەبێرگ فیلم ئاوێنەی هۆشە، نەک جیهانی دەرەکی، ئەو لە تیۆرییەکەیدا لەبارەی فیلم پێشنیازی ئەوە دەکات کە سینەما هونەری هۆشە. "فیلم پەیڕەوی یاساکانی هۆش دەکات نەک یاساکانی جیهانی دەرەکی" (Munsterberg, 1916, p. 97). بۆیە ئامانجی سینەما بەرهەمهێنانەوەی ڕیالێتی نییە، بەڵکو ماتریالیزەکردنی سۆزەکانە. موستەبێرگ دەبێژێ "ئامانجی ناوەندی فیلم (فۆتۆپلەی) بریتییە لە بەوێنەکردنی سۆزەکان" (Munsterberg, 1916, p. 112). لەبەرئەوە موستەبێرگ تیۆریزەی ئەوە دەکات کە چۆن کلۆزئەپ و فلاشباک لەناو فیلمدا هاوتەریبن لەگەڵ کردارەکانی ئاگایی وەک (سۆز، هەست، یادەوەری) لێرەوە لێچواندنی "فیلم/هۆش" (film/mind) دەهێنێتە ئاراوە (Sinnerbrink, 2009, p.22). موستەبێرگ دەبێژێ "فیلم چیرۆکی مرۆڤ بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە بەڕێی سەرکەوتن بەسەر فۆرمەکانی جیهانی دەرەکی وەک شوێن، کات و هۆیەکی، لەڕێگەی گونجاندنی ڕوداوەکان لەگەڵ فۆرمەکانی جیهانی ناوەکی (ناخەکی) وەک سەرنجدان، یادەوەری، خەیاڵ، وێناکردن، هەست و سۆز" (Munsterberg, 1916, p. 173).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

## باسی دووەم: فۆتۆگرافی و تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوە

گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوە و سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی و داهێنانی کامێرا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، کاریگەرییەکی گەورە لەسەر هونەری (شێوەکاری) دادەنێت، بەتایبەتی پۆرترێت و لاندسکەیپ. هونەرمەندان پۆرترێتی خۆیان یان کەسە دەوڵەمەند و خانەدانەکانیان دەکێشا، یان وێنەی دیمەنە سروشتییەکانیان دەکێشا. بەڵام هاتنی کامێرا ئەو هونەرمەندانەی بێکارکرد، چونکە کامێرا خێراتر، وردتر و هەرزانتر وێنەی دەگرت. ئاندرێ بازن (Andre Bazin) لە کتێبی سینەما چییە؟ دەڵێ "سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی لە مێژوی هونەری شێوەکاریدا گرنگترین ڕوداوە. چونکە شێوەکاریی خۆرئاوا بەتەواوی لە پەیوەستبونی بە ڕیالیزم ئازاد دەکات و ڕێگەی پێدەدات جارێکی دیکە سەربەخۆیی ئیستاتیکای خۆی بەدەستبهێنێتەوە" (Bazine, 1967 , p. 16). هەروەها جۆن بێرجەر ڕەخنەگری بەریتانی دەڵێ: "لەگەڵ داهێنانی کامێرادا هەمو شتێک گۆڕا. داهێنانی کامێرا شێوازی بینینی مرۆڤی گۆڕی. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێوەکاری دانا"(Berger, 1973, p. 18). لێرەوە ڕەوتی نوێ لەناو هونەردا سەریان هەڵدا، بۆ نمونە وەک ئیمپرێشنیزم، ئێکسپرێشنیزم، کوبیزم، سوریالیزم. بۆیە ڤاڵتەر بێنیامین فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێ: پرسیارە سەرەکییەکە ئەوە نییە "داخۆ فۆتۆگرافی هونەرە؟" بەڵکو ئەوەیە "داخۆ سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی سەرجەم سروشتی هونەری نەگۆڕیوە؟" (Benjamin, 1969, p. 227).

ڤاڵتەر بێنیامین لە سەرەتادا زیاتر وەک شۆڕشێکی تەکنۆلۆژی سەیری فیلم دەکات، نەک تەنیا میدیۆمێکی هونەری پەتی. بۆ ئەو فیلم ئاوێتەیەکە لە تەکنۆلۆژیا و هونەر، کە دەتوانێ بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤەی ڕاستی کۆمەڵگەی مۆدێرن و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بکات (Symons, 2009, p 302). بۆ بێنیامین، فیلم ڕێگە بە لێڕوانەر دەدات بەشێوەیەکی ڕەخنەیی لە دەرەوەیدا بوەستێت. ئەمە بەهۆی کامێراوەیە کە وەک ناوەندێکە لە نێوان ئەکتەر و لێڕوانەر "ئەمە ڕێگە بە لێڕوانەر دەدات پێگەی ڕەخنەگر وەربگرێت، بەبێ ئەزمونکردنی هیچ پەیوەندییەکی کەسەکی لەگەڵ ئەکتەر" (Benjamin, 1969, p. 228–9).

ئەم گۆڕانەی بەڕێی سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی و تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوەوە دروست دەبێت وەها دەکات لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا پەیوەندی نێوان فیلم و فەلسەفە زیاتر گەشە بکات. بەهۆی ئەم گۆڕان و گەشەکردنەوە لە بەشەکانی فەلسەفەدا لە زانینگەکاندا فەلسەفە بەڕێی فیلمەوە بە فێرخوازان دەناسێنرێت. ئەمە ڕەنگە پتر لەبەرئەوە بێ کە بۆ فێرخوازانی گەنجی هەنوکە میدیای بینراو (بینەکی) زیاتر لە نوسین بەردەستە. واتە گەنجەکان پتر حەزیان لە میدیای بینراوە تاکو نوسین. پرۆفیسۆرەکان لەوە تێگەیشتون فێرخوازەکان زۆر ئاسانتر دەتوانن لە کێشە فەلسەفەییەکان تێبگەن و بیانناسنەوە، کاتێک بەشێوەی سینەماتیکی (ڤیدیۆ) نەک تێکستی نوسراو پیشانیان بدرێت. ئەم گۆڕانکارییانە وەها دەکەن هەم لە لایەن فەیلەسوفان و هەم لەلایەن لێکۆڵەران و تیۆرڤانانی فیلمەوە گرنگی زیاتر بە پەیوەندی نێوان فیلم و فەلسەفە بدرێت (Wartenberg, 2009, p. 549).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

## بەشی دووەم: تێزەکانی فیلم-فەلسەفە

### باسی یەکەم: فەلسەفە لەناو فیلم (Philosophy in Film)

ناوەڕۆکی فەلسەفی فیلم پەیوەستە بەو پرسیارەوە داخۆ فیلم میدیۆمێکی گونجاوە بۆ پێشاندانی ئایدیا فەلسەفییەکان. هەروەها پرسیاری هاوشێوە لەبارەی داخۆ بەڕاستی فیلم چییە؟ پەیوەندی فیلم بە ڕیالێتییەوە چییە؟ بۆچی ئێمە لەڕوی سۆزداری (عاطفي)ییەوە بە کارەکتەر و ڕوداوی نێو فیلمەکان کاریگەر دەبین، لە کاتێکدا دەزانین فیکشن (چیرۆک)ن نەک ڕاستەقینە؟ گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی ئەو پرسیارە هەیە، داخۆ فیلم بەشێوەیەکی ڕەسەنانە دەتوانێت فەلسەفە بکات، بفەلسەفێنێ، داخۆ ئەمە شیاوی تێگەیشتنە هەندێ فیلم وەک بەرهەم (تێکست)ی فەلسەفی ببینرێن. زۆرینەی بەشدارانی ئەم گفتوگۆیە لەوەدا کۆکن کە فیلم تاڕادەیەک دەتوانێ کێشەی فەلسەفی پیشانی لێڕوانەر بدات. بەڵام لەوەدا تا چەند فیلم دەتوانێ پتر بفەلسەفێنێت ناکۆکن (Wartenberg, 2009, p. 549).

هەندێک لە توێژەران گومان لە توانستی فیلم دەکەن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەلسەفە لەنێو فیلمدا سنوردارە ناتوانێ لەوە زیاتر بکات کە کێشەی فەلسەفی پیشانی لێڕوانەر بدات. فیلم ناتوانێت فەلسەفە بێت، چونکە ناتوانێت لەتەک ئارگومێنتەکاندا خەریک بێت، کە فەلسەفە هەمیشە دەبێت ئەوە بکات. فیلمسازان ناتوانن فەیلەسوف بن، چونکە ئەوان ناتوانن لەوە تێبگەن کە فەلسەفە بۆ ئارگومێنت-دروستکردن و پوچەڵکردنەوەی لەنێو دژە-ئارگومێنتدا پوختدەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە لەناو ترادیسیۆنی فەلسەفەدا هۆشەکێتی (ڕاسیۆنالیزم) شوێنێکی ناوەندی هەیە، لە کاتێکدا فیلم کار لەسەر وێنەکان، هەست و سۆزەکان دەکات، بۆیە فیلم ناتوانێت بفەلسەفێنرێت یان فیلم ناتوانێت فەلسەفە بێت، چونکە فیلم هۆشەکی نییە. ئەمە ئایدیایەکی پلاتۆنییە کە فیلم چیرۆکە و کار لەسەر گێڕانەوە، وێنە و سیناریۆیەکی تایبەت دەکات، لە کاتێکدا فەلسەفە خۆی بە هەقیقەتە گەردونییەکانەوە سەرقاڵ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو توێژەراندا بەگشتی کۆکبونێک لەبارەی دو خاڵ هەیە. **یەکەم**، فیلم دەتوانێ کێشەی فەلسەفی بهێنێتەئاراوە. بەڵام چی کێشەیەک دەکات بە فەلسەفی؟ لەنێو ترادیسیۆنی فەلسەفەدا کێشەی فەلسەفی جیاواز هەن. بە دو شێوە کێشەی فەلسەفی دروست دەبێت؛ یەکێکیان پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە، وەک بون چییە؟ زانین چییە؟ چۆن زانین شیاوە؟ ڕاستەقینە چییە؟ بۆچی بەمۆڕاڵ بم؟ چی شتێک دەکات بە ئیشی هونەری؟ ئەوی دیکەیان، هەر کایەیەکی هۆشەکی ڕوبەڕوی ئاڵنگاری و کێشەی شیاوییتی خۆی ببێتەوە دەبێ بە کێشەیەکی فەلسەفی بۆ نمونە هونەر ئەو کاتە دەبێت بە فەلسەفی ئەگەر کار لەسەرخۆی بکات و پرسیاری چییەتی هونەر (هونەر چییە؟) بهێنێتە ئاراوە (Wartenberg, 2009, p. 550).

لەسەر ئەو بنەمایە چەندین فیلم هەن کە کێشەی فەلسەفی دەهێننە ئاراوە. هەرچەندە ئەمانە تەنیا تۆمارکردنی ڕوانگەیەکی تایبەتیش بن کە لەناو فیلمدا دەردەبڕدرێن. فیلمی بەناوبانگی (The Matrix) کە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن واشۆوسکی برازەرس (Wachowski Brothers)ەوە دەرهێنراوە تێرامانە فەلسەفییەکانی دیکارت: گریمانەی خەون یان شەیتانی فریودەر بەشێوەیەکی سینەماتیک پیشان دەدات و کێشەی ڕیالێتی چییە؟ کێشەی گومانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

بنەڕەتی دەهێنێتەگۆڕێ. فیلمەکانی ودی ئاڵن بە هەمان شێوە بەوە ناسراون، کە کێشەی فەلسەفی پیشانی لێروانەر دەدەن (Wartenberg, 2007, p. 32). هەروەها فیلمی (Modern Times)ی چارلی چاپلن ساڵی ١٩٣٦ دەشێ وەک پێشکەشکردنی وێناکردنێکی کۆنکرێتی ئایدیای کارل مارکس لەبارەی نامۆبونی مرۆڤ لەژێر کاریگەری سیستەمی کارگەدا ببینرێت. ڕەنگە فیلم لەبارەی فەیلەسوفێکەوە بێت کە لە ڕێگەی فیلمەکەوە ڕوانگەی ئەو فەیلەسوفە پیشان دەدرێت، بۆ نمونە فیلمەکەی دێرێک جارمان (Derek Jarman) ساڵی ١٩٦٩ لەبارەی ڤتگنشتاین (Wartenberg, 2007, p. 32, 44–54).

هەروەها فیلمەکانی بێرگمان بۆ نمونە مۆری حەوتەم (The Seventh Seal) بەڕونی کێشەی فەلسەفی دەهێنێتە گۆڕێ لەبارەی ئەو پرسیارە داخۆ خوا لێرەبونی هەیە؟ داخۆ چۆن باوەڕ شیاوە کاتێک ئەهریمەن (شەیتان) لێرەبونی هەیە. کاتێک مەرگ بە داسە قولابییەکەیەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەگاتە سەر ئەنتۆنیۆس بلۆک، لە سەرەتادا بەڕێزمەندییەوە پرسیاری لێدەکات: "تۆ خۆت ئامادەکردوە؟" بلۆک دەپرسێ "تۆ کێی؟"، مەرگ دەبێژێ "من مەرگم". پیاوەکە دەپرسێ "ئایا تۆ بۆ من هاتوی؟" کارەکتەرەکەی بێرگمان، ئەنتۆنیۆس بلۆک "سوارچاکێکی دیکەی باوەڕ" بەجەختییەوە دەڵێ "جەستەم ترساوە، بەڵام من بۆ خۆم نا". کاتێک ئێمە ڕوبەڕوی مەرگ دەبینەوە، ئەوە دەدۆزینەوە کە ئێمە دوانین: جەستەی ترساو، لەلایەک، خۆشمان لەلایەکی دیکەوە. ڕوبەڕوبونەوەی لەناکاو لەگەڵ لەناوچونی خۆم، جەستەم خۆی وەک ئەویدییەک دیار دەدات، وەک ئەوەی کە ئەو من نەبم. بۆیە جەستەی بلۆک و خودی بلۆک خۆی دو شتی جیاوازن (براداتان، ٢٠٢٠، ل. ١٤١).

ئەو دیالۆگە لە فیلمی "مۆری حەوتەم"ی ساڵی ١٩٥٧بێرگماندا هاتوە. لاندسبێرگی فەیلەسوف لە کتێبەکەی خۆیدا "گۆتار لەبارەی ئەزمونی مەرگ"، و بێرگمان لە فیلمەکەیدا، لە بنەڕەتەوە لەبارەی هەمان شت دەئاخڤن: ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ مەرگ، تاکو مرۆڤەکە بەهێواشی ماندو دەبێ و توانای ڕوبەڕوبونەوە و ئارگومێنتی نامێنێ، پاشان بە شکستێکی نەشیاوی لێ دەربازبون دەگات. لە فیلمەکەی بێرگماندا مەرگ یاری شەترەنج لەگەڵ پیاوەکەدا دەکات، و لە کتێبەکەی لاندسبێرگدا یاری کۆریدا "شەڕەگا" لەگەڵ پیاوەکەدا دەکات. لە هەردوکیاندا لە کۆتاییدا مەرگ سەردەکەوێت. گێڕانەوەکانی لاندسبێرگ و بێرگمان بەتەواوی یەکێکن و هەمان چیرۆکن لە دو گۆشەی جوداوە دەگێڕدرێنەوە. لەوەش زیاتر هەر یەکێکیان ئەویدی دەوڵەمەندتر دەکات. بۆ باشتر تێگەیشتن لە کۆریدا "شەڕەگا"کەی لاندسبێرگ، گەرەکە ئێمە بەچاوی یاری شەترەنجی بێرگمانەوە سەیری بکەین. فیلمەکەی بێرگمان نەک تەنیا ڕۆشنایی بە تێگەیشتنەکەی لاندسبێرگ دەدات، بەڵکو زیاتر ڕونتری دەکاتەوە، چونکە چیرۆکەکە تەنیا نیوەی لەلایەن فەیلەسوفەکەوە گێڕدراوەتەوە (براداتان، ٢٠٢٠، ل ١٣٠). کەواتە فیلم لە سەردەمانی تەواو جودا و لە ژانری جودا بەوە ناسراون کە دەتوانن کێشەی فەلسەفی بهێننەئاراوە (Wartenberg, 2009, p. 550).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

خاڵی **دووەم** کە کۆدەنگی لەسەرە لەناو توێژەران و فەیلەسوفانی فیلم-فەلسەفە ئەوەیە فیلم دەتوانێ فەلسەفە بکات، بفەلسەفێنێ بەسانایی بەڕێی تۆمارکردنی خوێندنەوەی ئارگومێنتی فەلسەفی. وەک تۆمارکردنی زنجیرە بەرنامەکەی جۆن بێرجەر لە bbc ساڵی ١٩٧٤ بەناوی ڕێگەکانی بینین (the ways of seeing) ئەمە نمونەیەکی ڕاستەقینەی ڤیدیۆ فیلمە کە تێیدا فەلسەفاندن لەسەر شاشە (سکرین) لەلایەن فەیلەسوفێکەوە دەکرێت. کرۆکی گفتوگۆکە ئەوەیە داخۆ فیلم لەنێو ژانرە ستانداردەکانی فیلمسازیدا -لە فیکشنەوە بۆ دۆکۆمێنتاری و تەنانەت ئاڤۆنگارد- دەتوانن پتر لە هێنانەئارای کێشەی فەلسەفی یان تۆمارکردنی ئارگومێنتی فەلسەفی بکەن، داخۆ فیلمگەلێک هەن لە ڕاستیدا لە خۆیاندا بتوانن بفەلسەفێنن. واتە وەک بەرهەمی فەلسەفی لێیان بڕوانرێت (Wartenberg, 2009, p. 550-551). لێرەوە بە باسی دووەم تێزی "فیلم وەک فەلسەفە" دەگەین.

## باسی دووەم: فیلم وەک فەلسەفە (Film as Philosophy)

لە ژیل دۆلۆزەوە بۆ ستیڤن مالهۆل، تۆماس واتنبێرگ و ڕۆبێرت سینەربرینک ئارگومێنتێک هەیە کە: فیلم دەتوانێت فەلسەفە بێت. واتنبێرگ گەشە بە ئایدیای فیلم وەک فەلسەفە دەدات. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە گێڕانەوەی چیرۆکیی لەناو فەلسەفەشدا دەتوانرێت لە شێوەی سیناریۆی وێنەیی، دۆخی گریمانەیی و لێچواندن بدۆزرێتەوە. بۆ نمونە، چیرۆکی ئەشکەوتی پلاتۆن بۆ خۆی یەکێکە لە گێڕانەوەکان کە وێنەیەک یان سیناریۆیەک بەرجەستە دەکات بۆ هێنانەگۆڕێی پرسیار لەبارەی ڕۆڵی ئەزمونی سێنسی، سروشتی زانین، کارەکتەری ڕۆشنکەرەوەی فەلسەفە. بەشێوەیەکی تەواو گاڵتەجارانە (Ironically ئایرۆنییانە) پلاتۆن پشت بە گێڕانەوەی وێنەیی و لێچواندن دەبەستێت تاکو ئارگومێنتی ئەوە بکات لەناو گوتاری فەلسەفیدا وێنە هیچ شوێنێکی نییە (Wartenberg, 2007, p. 21).

لە ڕاستیدا، سینەما دەتوانێت کۆمەکی فەلسەفە بکات نەک لە ڕۆڵێکی یاریدەدەر و لاوەکی -بۆ نمونە، بەڕێی دابینکردنی "وێنەنمونە"ی کێشەی فەلسەفی لەنێو دانیشتنەکانی پۆلدا- بەڵکو لە خۆیدا، لەتەک ئامرازەکانی خۆیدا، هەروەها بە شێوەیەک نەتوانرێ بۆ مێتۆدە ترادیسیۆنییەکانی فەلسەفە کورت بکرێتەوە. هەمو فیلمێک بەڕونی فەلسەفی نییە، بەڵام هەندێکیان فەلسەفین، ئەمەش بەسە. فیلم دەتوانێ ئارگومێنت دروست بکات، پرسیار بهێنێتەگۆڕێ، ڕوانگە هەبوەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، تیۆرییەک پشتڕاست بکاتەوە یان تیۆرییەکی نوێ دابمەزرێنێت. هەروەها فیلم ڕێگە دەدات گشتێتی بەڕێی چیرۆکی تایبەتەوە ڕون بکرێتەوە (Wartenberg 2007, 24, 56-65). بۆیە فیلم زیاترە لە تەنیا سەرچاوەیەک بۆ فەلسەفە، یان ڕێگەیەکی بەسود بۆ وێناکردنی تێما و کێشە فەلسەفییەکان (Sinnerbrink, 2011, p. 11).

ژیل دۆلۆزی فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێ "تۆ دەپرسی بۆچی کەسانێکی زۆر لەبارەی سینەماوە دەنوسن. منیش هەمان پرسیار لە خۆم دەکەم. لە ڕوانگەی منەوە، لەبەر ئەوەیە کە سینەما ئایدیای زۆر لەخۆدەگرێت. ئەوەی پێی دەڵێم ئایدیا بریتییە لە وێنە، کە پرۆسەی هزراندن لای تاک دێنێتەئاراوە. سروشتی وێنەکان لە هونەرێکەوە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

بۆ هونەرێکی دی دەگۆڕێن و نەشیاوی جیاکردنەوەن لەو تەکنیکانەی بۆیان بەکاردەهێنرێن: ڕەنگ و هێڵەکان بۆ نیگارکێشان، دەنگ بۆ موزیک، وێنەی جوڵاو بۆ سینەما. لە هەر نمونەیەکدا، هزرینەکان لە وێنەکان جیاناکرێنەوە؛ هزرینەکان بەتەواوی لە ناخی وێنەکاندان. هیچ هزرینێکی ئەبستراکت نییە، کە لەنێو وێنەیەک یان ئەوی دیکەدا بەبێ جیاوازی ڕیالیزە ببێت، بەڵام هزرینی کۆنکرێت تەنیا بەڕێی ئەو وێنانەوە لێرەبونی هەیە" (Deleuze, 2006, p. 210). لەڕوانگەی دۆلۆز، سینەما لەگەڵ وێنەکانیدا، ڕیالێتی نەک لاساییکردنەوەی ڕیالێتی بە ئێمە دەبەخشێت (Mullarkey, 2009, p. 181).

بۆ دۆلۆز، سینەما دەهزرێت و بیر دەکاتەوە؛ فیلم میدیۆمێکە بۆ لێکۆڵینەوە و گەڕانی فەلسەفی. ئەم تێڕوانینە دۆلۆز لە فەیلەسوفانی دیکە جیادەکاتەوە (Herzogenrath, , p.161). بۆیە لەنێو سەرجەم فیلم-فەلسەفەی سەدەی بیستەمدا، ڕەنگە تەنیا ژیل دۆلۆز لە هەموویان زیاتر پەیوەندی بە خودی سینەماوە هەبێت، چونکە دۆلۆز هەوڵی داوە فەلسەفەکەی سەر بە سینەما بێت، نەک بەسادەیی لەبارەی سینەما بێت. ئەو هزراندنی فیلم-بۆ-خۆی پێشانی ئێمە دەدات. لە کتێبە دو بەرگییەکەیدا لەبارەی فیلم (سینەما ١: جوڵە-وێنە و سینەما ٢: کاتە-وێنە) دۆلۆز زۆر بەڕونی دەسەڵاتی هزراندنی فیلم پێشان دەدات (Mullarkey, 2009, p. 179)، ئەو کۆنسێپتانە پێشلێرەبونیان نەبوە لەنێو سینەمادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان کۆنسێپتی سینەمان، نەک تیۆریی لەبارەی سینەما. دۆلۆز دەبێژێ "هەرچەندە چەمکەکانی سینەما لەنێو سینەمادا نەدراون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان چەمکی سینەمان، نەک تەنیا تیۆریی لەبارەی سینەما" (Deleuze, 1989, p. 280).

بۆ دۆلۆز، فەلسەفە و هونەر هەردوکیان شێوازی ئافراندنن، بەڵام فەیلەسوفان بەڕێی زمان و کۆنسێپتەوە ئافراندن دەکەن، لە کاتێکدا هونەرمەندان بەڕێی هەست و سۆزەکان و بەڕێی وێنەوە ئافراندن دەکەن (Bogue, 2009, p. 368). دۆلۆز دەبێژێ فیلم و فیلمسازان "لەبری کۆنسێپتەکان، ئەوان بەڕێی جوڵە-وێنە و کاتە-وێنەوە دەهزرێن"(Deleuze, 1989, p.280)

لە مێژوی سینەمادا، ئێمە فیلم دەبینین کە مێژوی فەلسەفە دوبارە دەکاتەوە. بە واتایەک تەنیا هەمان شتە بە ڕێگەی جیاواز دەوترێتەوە، لێرەدا تەنیا یەک بون هەیە، بەڵام بە زۆر زمان خۆی دەردەبڕێت. ئێمە دەتوانین زۆر لەوەوە فێربین کە فیلم پێشانی دەدات هەروەک چۆن لەوەوە فێربین کە فەلسەفە دەیڵێت: بۆ دۆلۆز هەردوکیان فۆرمی کرۆکی دەربڕینن (Mullarkey, 2009, p. 188).

بۆیە دۆلۆز دەڵێ ڕەنگە گەمژانە بێت، بمانەوێت فەلسەفەیەک بۆ سینەما دروست بکەین. ئاخر دۆلۆز نایەوێ فەلسەفە بۆ خوێندنەوەی سینەما بەکاربهێنێت و فەلسەفەیەک بەسەر سینەمادا بسەپێنێت، بەڵکو ئەو ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەوە بۆ سینەما و لە سینەماوە بۆ فەلسەفە دەجوڵێت. دۆلۆز ڕێگەیەکی تەواو جیاواز بۆ پەیوەندی فیلم-فەلسەفە گەشەپێدەدات، ڕێگەیەک بۆ ئەو کۆنسێپتانە دەگەڕێت، وەڵامی ئەو کێشانە دەداتەوە کە لە نێوان فیلم و فەلسەفەدا هاوبەشن. بۆیە تیۆرییەکەی ئەو بۆ سینەما، "لەبارەی سینەما نییە، بەڵکو لەبارەی ئەو کۆنسێپتانەیە کە بەڕێی سینەماوە هاتونەتە ئاراوە" (Deleuze, 1989, p. 280).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

لەبەرئەوە یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی دۆلۆز ئەوەیە: چۆن سینەما کۆنسێپتی فەلسەفی بەرهەم دەهێنێت؟ بۆیە لەوە دەکۆڵێتەوە سینەما چۆن تێگەیشتن و کارلێکی ئێمە لەتەک جیهاندا دەگۆڕێت، سینەما چۆن دەتوانێ کۆنسێپتی نوێ بەرهەمبهێنێ؛ دۆلۆز ئاگایی سینەماتۆگرافیک وەک جۆرێکی نوێی فەلسەفە دادەنێت. ئاخر ئەگەر فەلسەفەیەک لە خودی سینەماوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا سەر بە سینەماش دەبێت (Bogue, 2009, p. 368).

هەروەها تۆماس واتنبێرگ پێی وایە "فیلم دەتوانێ ئایدیا و کۆنسێپتی فەلسەفی [نوێ] ببەخشێت. فیلم دەتوانێ ئارگومێنت دروست بکات، نمونەی پێچەوانە بۆ تیۆرانینە فەلسەفییەکان دابینبکات، تیۆریی فەلسەفی نوێ بهێنێتەگۆڕێ" (Wartenberg, 2007, p. 9). بە هەمان شێوە، ڕۆبێرت سینەربرینک ئارگومێنتی ئەوە دەکات کە فیلم دەتوانێ بەشێوەیەکی جیاواز لە هزرینی سینەماتیکدا بەشداری بکات. فیلمە فەلسەفییەکان ناتوانرێت بۆ تێزێکی فەلسەفی یان کێشەیەکی تیۆری، یان ئارگومێنتێک کورت بکرێنەوە. ئەوان بەرهەڵستی کاتیگۆرییە هەبووەکان دەکەن و ڕێگەی نوێی هزرین ئاوەڵا دەکەن (Sinnerbrink, 2011, p.10). وەک مالهۆڵ لە کتێبی "لەبارەی فیلم" دەبێژێ: "ئەم چەشنە فیلمانە [فیلمە فەلسەفییەکان] نە کەرەستەی خاوی فەلسەفە و نە سەرچاوەی ڕازاندنەوەی فەلسەفەن، ئەوان ڕاهێنانی فەلسەفین، فەلسەفە لەنێو کرداردا– فیلم وەک فەلسەفاندن." (Mulhall, 2008, p. 4).

فیلم بەڕێی پیشاندان نەک ئارگومێنتکردن پرسیار دەهێنێتەگۆڕێ، تەحەدای ڕێگە چەسپیوەکانی بینین دەکات، ڕوی نوێی ئەزمون ئاشکرا دەکات، ڕێگەی نوێی هزرین و بیرکردنەوە دەکاتەوە. بۆیە فیلم نە تەنیا سەرچاوەیە بۆ فەلسەفە و نە ئامرازە بۆ فەلسەفە، نە پەرچاندنێکە کە بتوانرێت بخرێتە نێو چێوەی کاتیگۆرییە فەلسەفییە هەبووەکانەوە، بەڵکو شێوەی پەرچاندنێکی سەربەخۆیە کە فەلسەفە تێپەڕ دەکات (Sinnerbrink, 2011, p. 141, 142).

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا گومان دەکرێت فیلم هونەر بێت و فیلم لە ئاست و پێگەی ئەوەدا نابینرێت کە شیاوی ئەوە بێت فەلسەفە کاری لەسەر بکات، بەڵام لەلایەن هوگۆ موستەبێرگەوە ئەم گومانە یەکالادەکرێتەوە و پاشان فەیلەسوفان بەگرنگییەوە کار لەسەر فیلم دەکەن. هەرچەندە هەموان لەبارەی توانستی فەلسەفاندنی فیلم کۆک نین، بەڵام بەشێک لە فەیلەسوفان تێزی فیلم وەک فەلسەفە دەهێننەگۆڕێ.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا لە خوارەوە دەخرێنەڕو:

**یەکەم**، لە سەرەتادا فەیلەسوفان گومان لە فیلم دەکەن وەک فۆڕمێکی هونەریی سەربەخۆ، هەروەها گومان دەکەن فیلم فەلسەفییانە شیاوی پێوە خەریکبون بێت. موستەبێرگ بەرگری لە فیلم دەکات وەک فۆڕمێکی نوێی هونەر و بەباڵاتر لە ئەدەب و شانۆ دەیبینێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

**دوەم**، بەڕێی سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی و تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانەوەوە گۆڕانکاری لەناو جیهانی هونەردا دروست دەبێت، ئەمەش وەها دەکات لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا پەیوەندی نێوان فیلم و فەلسەفە زیاتر گەشە بکات. بەهۆی ئەم گۆڕان و گەشەکردنەوە لە بەشەکانی فەلسەفەدا لە زانینگەکاندا فەلسەفە بەڕێی فیلمەوە بە فێرخوازان دەناسێنرێت.

**سێیەم**، هەندێک لە توێژەران گومان لە توانستی فیلم دەکەن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەلسەفە لەنێو فیلمدا سنوورداره ناتوانرێ لەوە زیاتر بکات کە کێشەی فەلسەفی پیشانی لێڕوانەر بدات. فیلم ناتوانێت فەلسەفە بێت، چونکە ناتوانێت ئارگومێنت بکات. فیلم کار لەسەر وێنە و هەست و سۆزەکان دەکات، بۆیە فیلم ناتوانێت بفەلسەفێنێت، یان فیلم ناتوانێت فەلسەفە بێت، چونکە فیلم هۆشەکی نییە.

**چوارەم**، ئایدیای فیلم لەناو فەلسەفە دەتوانێ چەند شتێک لەخۆبگرێت وەک: بەکارهێنانی فیلم وەک سەرچاوە، وێناکردن و دابینکردنی نمونە بۆ ئایدیا فەلسەفییەکان، پیشاندانی کێشەی فەلسەفی. پیشاندانی ئایدیای فەیلەسوفان، هەروەها فیلم دەتوانێت بەڕونی ڕوانگە فەلسەفییەکان دەرببڕێت. بۆیە لە ژانری جیاوازی فیلم و لە سەردەمانی جیاوازی مێژوی سینەمادا، فیلمگەلێک هەن بەوە ناسراون کە دەتوانن کێشەی فەلسەفی پیشان بدەن و بهێننەئاراوە.

**پێنجەم**، لە ڕوانگەی تێزی "فیلم وەک فەلسەفە"وە فیلم دەتوانێت فەلسەفە بێت، بەڵام فیلم بە وێنە بیردەکاتەوە؛ هەروەها فیلم میدیۆمێکە بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی. سینەما دەتوانێ کۆنسێپتی نوێ بەرهەمبهێنێ؛ ئاگایی سینەماتۆگرافیک وەک جۆرێکی نوێی فەلسەفە دادەنرێت. بۆیە فیلم زیاترە لە تەنیا سەرچاوەیەک بۆ فەلسەفە، ڕێگەیەکی بەسود بۆ وێناکردنی تیما و کێشە فەلسەفییەکان. فیلم دەتوانێ ئایدیا و کۆنسێپتی فەلسەفی ببەخشێت. فیلم دەتوانێ ئارگومێنت بکات، نمونەی پێچەوانە بۆ تێڕوانینە فەلسەفییەکان دابینبکات، تیۆریی فەلسەفی نوێ بهێنێتەگۆڕێ.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17

# Film as Philosophy

**Nabaz Samad Ahmed**
Department of Plastic Arts, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** nabaz.ahmed@univsul.edu.iq

**Abstract:**

Although the relationship between film and philosophy begins in the early twentieth century with Hugo Munsterberg's book "The Photoplay: A Psychological Study", only in the late twentieth century and early twenty-first century the relationship take into account seriously among both philosophers and film theorists. As a result, an intense philosophical debate has arisen about what is film-philosophy? What is the relationship between film and philosophy? Are films genuinely capable of doing philosophy? Or does film capable of being a philosophical work (text)? Although almost all participants in this debate acknowledge that films can, at minimum, bring a philosophical issue to the awareness of their audiences, there is disagreement about how much more films can do philosophically. In this paper, I will analyse, on the one hand, the historical relationship between film and philosophy, on the other hand, analyse the film as philosophy thesis.

This paper has been divided into two parts and each part is also subdivided into two sections. In the first part, I will explore the historical relationship between film and philosophy: doubting film as art (section one) and photography and technological reproduction (section two), then in the second part, I will analyse the film as philosophy thesis: explore the philosophy in film (section one) and examine the film as philosophy (section two). In this paper, I will apply the critical analysis method to examine the film as philosophy thesis.

**Keywords:** Film, Philosophy, Film as Philosophy, Philosophy in Film.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17**

## سەرچاوەکان:

براداتان، کۆستیکا (٢٠٢٠) *مردن لەپێناو ئایدیاکاندا: ژیانی پڕ مەترسی فەیلەسوفان*، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە نەبەز سەمەد، سلێمانی: وەشانی نوسیار.

برامبوش، ئانتون ڤان دێن (٢٠١٨) *هزراندنی هونەر: ڕێبەرییەک بۆ فەلسەفەی هونەر*، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە نەبەز سەمەد، سلێمانی: هیوا فاوندەیشن.

گێتمان_زیفەرت، ئانێماری (٢٠٠٩) *ڕێبەرییەک بۆ ئیستێتیک*، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە کاوە جەلال، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

Bazin, Andre (1967) *What is Cinema?* Trans by Hugh Gray, Berkeley: University of California Press.

Benjamin, Walter (1969) *Illuminations*, New York: Schocken Books.

Berger, John (1973) *Ways of Seeing*, London: Penguin Books.

Bogue, Ronald (2009) *Gilles Deleuze*, in the Routledge Companion to Philosophy and Film, (Edited by) Paisley Livingston and Carl Plantinga, London: Routledge.

Deleuze, Gilles (1986) *Cinema 1: Movement-image*, trans. H. Tomlinson and B. Habberjam, Minneapolis: University of Minnesota Press.

Deleuze, Gilles (1989) *Cinema 2: Time-image*, trans. H. Tomlinson and B. Habberjam, Minneapolis: University of Minnesota Press.

Deleuze, Gilles (2006) *Cinema-I, Premiere*, In Two Regimes of Madness: Texts and Interviews, 1975-1995, edited by David Lapoujade and translated by Ames Hodges and Mike Taormina, 210–12. New York: Semiotext(e).

Eckert, Maureen (2012) Cinematic Spelunking Inside Plato's Cave, *Glipmse Journal*, No. 9, PP. 42-49.

Fredericksen, Don (2009) *Hugo Munsterberg*, in the Routledge Companion to Philosophy and Film, (Edited by) Paisley Livingston and Carl Plantinga, London: Routledge.

Herzogenrath, Bernd (2017) *Strange Topologics Deleuze*, in Film as Philosophy, (Edited by) Bernd Herzogenrath, Minneapolis: University of Minnesota Press.

Mullarkey, John (2009) *Gilles Deleuze*, in Film, Theory and Philosophy (Edited by) Felicity Colman, Montreal & Kingston: McGill-Queens University Press.

Mulhall, Stephen (2008) *On Film*, second edition, London: Routledge.

Munsterberg, Hugo (1916) *The Photoplay: A Psychological Study*, New York: D. Appleton and Company.

Sinnerbrink, Robert (2009) *Hugo Munsterberg*, in Film, Theory and Philosophy (Edited by) Felicity Colman, Montreal & Kingston: McGill-Queens University Press.

Sinnerbrink, Robert (2011) *New Philosophies of Film: Thinking Images*, London and New York: Continuum.

Symons, Stéphane (2009) *Walter Benjamin*, in the Routledge Companion to Philosophy and Film, (Edited by) Paisley Livingston and Carl Plantinga, London: Routledge.

Wartenberg, Thomas E (2007) *Thinking on Screen: Film as Philosophy*, London: Routledge.

Wartenberg, Thomas (2009) *Film as Philosophy*, in the Routledge Companion to Philosophy and Film, (Edited by) Paisley Livingston and Carl Plantinga, London: Routledge.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper17**